# خاڵ کوتان لە دیدی ئیسلام و یاسا دەستکردەکانەوە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

ئیحسان بورهان الدین

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿الوشم من المنظور الإسلامي والقوانين الوضعية﴾

« باللغة الكردية »

إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# خاڵ کوتان لە دیدی ئیسلام و یاسا دەستکردەکانەوە

خاڵ بریتی یە لە وێنەیەکی جێگیر کە لە سەر پێستی مرۆڤ دروست دەکرێت، زۆر جار لە جێگە ئاشکراکاندا دەکرێت لە لاشەدا، بە تایبەتی لە دەم وچاودا ، بۆ ئەو مەبەستەش بابەتی رەنگی و کەرەستەی کونکری پێست بە کار دێت، مەبەستی یەکەم لە کۆتانی خاڵ  سەرەنج راکێشان و کەمکردنەوەی جیاوازییە لە نێوان خەڵکیدا، هەروەها بە مەبەستی جوانکاری  ئەنجام دەدەرێت و لەوانەشە پەیوەندی بە ئەفسانەو بیر و باوەڕی بێ بنەما هەبێت، بۆ نموونە میسریە دێرینەکان باوەڕیان وا بوو کە خاڵ کۆتان چارەسەری هەندێك نەخۆشی دەکات و بە سوودە بۆ چاوو ئێرەیی، هەروەها لە کۆمەڵگا  بتپەرستەکاندا جۆرێك بوو لە فیداکاری بۆ بتەکانیان.

تێبینی کراوە ٥-٩%ی مەسیحی و موسڵمانەکان خاڵ دەکوتن ، سەرەڕای  قەدەغە کردنی ئەو دوو ئایینە بۆ خاڵ کوتان، لە ئایینی ئیسلامدا ئەنجامدەری ئەو کارە لەعنەتی لێکراوەو، لە مەسیحیەتیشدا هەر لەکاتی کۆنگرەی  (نیقیە) وە حەرام کراوە و دواتریش کونگرەی ئایینی حەوتەمیش بەڕەهایی حرامی کرد.

ئافرەت بە شێوەیەکی تایبەت گرنگی بە خاڵ کۆتان داوە وەکو هۆکارێکی جوانکاری ، هاوکات پیاویش بە کار هێنانی خاڵی تاقیکردووەتەوە، لەم بارەشەوە چینی سەربازو و کەشتیوانان بە خاڵ کوتان ناسراون.

خاڵ کوتان لە رێگەی هەندێك ئامرازی کونکەری پێست ئەنجام دەدرێت وەکو دەرزی و چەقۆی نووك تیژ و شتی تر، یان لە رێگەی هەندێ رەنگکەری ئاژەڵی و بۆدرەی جۆراوجۆری چاورەشتن و خەڵووز و گیراوەی رووەکەکان.

زۆر لە دەوڵەتانیش وریای زیانەکانی خاڵ کوتان بوونەوتەوە ، (مارتن مادون) لە ساڵی (١٩٦٩ ز) لە ئێنگلتەرا پرۆژەی یاسایەکی پێشکەش کرد بۆ قەدەغە کردنی خاڵ کوتان ، حکومەتی یابانیش بە فەرمی لە ساڵی (١٨٧٠ ز) مەرسوومێکی دەرکرد بە قەدەغەبوونی خاڵ کوتان.

لە راپۆرتێکی کەناڵی (الجزیرە) ش بە وەرگرتن لە تۆری رۆیتەرز بۆ هەواڵ لە ٢٠٠٣/٧/١٧) دا هاتووە کە لێژنەی ئەوروپی هۆشداری داوە سەبارەت بەو کەسانەی ئارەزووی خاڵ کوتانیان هەیە لە سەر لاشەیان بە ماددەی کیمیاوی یان هەندێ رەنگی تر کە ئەو کارە دەبێتە مایەی ژەهراوی بوون و، ئەوەشی باسکردووە کە زۆربەی ئەو بابەتانەی بۆ ئەو مەبەستە بە کار دێن لە خاڵ کوتان بریتین لە رەنگی ئۆتۆمبێل و حیبری نووسین، بە هیچ شێوەیەکێش زانیارییەك نییە پاڵپشت لە بێ زیانی بە کار هێنانی ئەو جۆرە ماددانە بکات، لە کۆتاییشدا لیژنەکەپرسیار دەکات : ئایا رازی دەبێت لاشەت بە رەنگی ئۆتۆمبێل رەنگ بکەیت.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پێش زیاتر لە (١٤٠٠) ساڵ خاڵ کوتانی حەرام کردووە و نەفرەتی لە ئەنجامدەرانی کردووە لە ژن و لە پیاو، کە نەفرەت بریتییە لە دەرچوون لە

سۆز و بەزەیی خوای گەورە ، ئەوەش  بەڵگەیە لە سەر ئەوەی ئەم شەریعەتە لە لایەن خوای گەورەوەیە.

(ابو حجفه) رەزای خوای لێبێت فەرموویەتی:

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم نەهی کردووە لە نرخی خوێن و سەگ و دەستکەوتی کەنیزەك و نەفرەتیشی لەو ئافرەتەکردووە کە خاڵ دەکوتێ یان خاڵی بۆ دەکوترێ ، هەروەها نەفرەتی کردووە لە بخۆری سوود .

هەروەها لە (ابی هریره) وە هاتووە کە پێغەمبەر  صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (لعن الله الواصلة والمستوصلة والواشمة والمستوشمة) .

واتە: لەعنەتی خوا لەو ئافرەتە بێت کە قژی دەستکرد درووست دەکات یان بۆی درووست دەکرێت، هەروەها ئەو ئافرەتەی کە خاڵ دەکوتێت یان بۆی دەکوترێت.

سەرچاوەی بابەت: /

موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة المطهرة./يوسف الحاج احمد.